چواردە ئۆژە مامەستایانی مانگرتووی سلەمانی بەردەوامن لە خەپشاندان و داوا دەکەن کەشی دواکەوتنی مووچە کۆتایی پێبێت

ئەمڕۆ دووشەممە 10ـی شوباتی 2025، ماوەی 14 ڕۆژە مامەستایانی مانگرتوو و مامەستایانی سلەمانی بەردەوامن لە خەپشاندان و ناڕازایەتی و داوا دەکەن کەشکانیان و دواکەوتنی مووچەکانیکان و شایستەکان کۆتایی پێبێت.

ئەمەش لەکاتێکدا دوێنێ یەکشەممە، دوای ئەوەی خەپیشاندەران لە سلەمانی و شارەکانی ئیدارەی گەرمیان و کەیە بە دەیان پاس و ئۆتۆمبیل بەرەو شاری هەولێر بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی نارازی بەرەکەوتن، لە بازگەی دەگەلە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریان لێکرا و بە گازی فرمێسک ڕۆژ بەاوەیان پێکرا.

بەیانی دوێنێ یەکشەممە، بەشێک لە مامەستایانی مانگرتوو و ناڕازی بەرەو شاری هەولێر بەڕێککەوتن بە گەیاندنی دەنگیان و بەیاریان دابوو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خەپشاندان بکەن.

بەڵام لە بازگەکانی سنووری پارێزگای هەولێری پایتەخت و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریان لێکرا و ئومێد خەشناو، ئەندامی پارتی و پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بە ڕۆژنامەوانان، ڕۆژی یەکشەممە گوتوویەتی: "هەولێر تاقەتی نییە پێشوازی لە میوانی ڕێزاگران بکات و پێشوازی لەو جۆرە کەسانە بکات"، ئەوەش وەک ئاماژە بە مامەستایانی نارازی سلەمانی کە بەیاربوو

درێژە بە ناڕازایەتییەکانیان بدەن و بەرەو هەولەر بڕۆن، بە داواکردنی مافەکانیان و چارەسەری ڕیشەیی بە کێشەی مووچەو شایستە دارایییەکانیان.

ئەمەش لەکاتێکدا، ماوەی 14 ڕۆژە مامۆستایانی سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندێکیان خراپە و بەشێکیان ڕۆوانەی نەخۆشخانەکان کراون بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی تەندروستیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامن لە خۆپیشاندان.